Vägverket

زانیاریی گرنگ بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت مۆڵەتی شۆفێری بۆ ئوتومبیلی تایبەتی دەربهێنن:

# هاتنە کایەی تاقیکردنەوەی شۆفێری B بەسەریەکەوە

لە ڕۆژی (1ی سێپتەمبەری 2008)ەوە تاقیکردنەوەی تیۆری و لێخوڕین بۆ ئوتومبیلی تایبەتی جۆری B پێکەوە وەک تاقیکردنەوەیەک بەسەریەکەوە سەیر دەکرێت. هەردوو تاقیکردنەوەکە لە کاتێکی نزیک بەیەک لە هەمان ڕۆژ یان لە میانەی دوو هەفتەدا ئەنجام دەدرێن. تاقیکردنەوەی شۆفێری بەسەریەکەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە کات بۆ هەردوو تاقیکردنەوەکە پێکەوە لە هەمان کاتدا وەردەگرێت

## تاقیکردنەوەی شۆفێری B بەسەریەکەوە بەم شێوەیە دەبێت

- لە ڕۆژی 1ی سێپتەمبەری 2008 وە هەردوو تاقیکردنەوەکە لە کاتێکی نزیک بەیەک لە هەمان ڕۆژ یان لە میانەی دوو هەفتەدا ئەنجام دەدرێن.
- یەکەم جار دەبێت تاقیکردنەوەی تیۆری بکرێت.
- بێ گوێدانە ئەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی تیۆری چۆن بووە تاقیکردنەوەی لێخوڕینیش دەکرێت.
- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری یان تاقیکردنەوەی لێخوڕیندا بۆ ماوەی دوومانگ بەکارە.
- مەرجە لە میانەی دوو مانگدا دەرچوون لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا بەدەستهێنرابێت، ئەگینا پێویستە میرانەی تازە بدرێتەوە و هەردوو تاقیکردنەوەکە دووبارە کرێتەوە.
- گەر مرۆڤ لە تاقیکردنەوەی تیۆری یان لێخوڕیندا دەرنەچوو، کاتێکی نوێ لە میانەی ماوەی بەکاردا کە دوو مانگە بۆ دووبارە تاقیکردنەوە پێشکەش دەکرێت. ئەمەش بە مەرجێک هەردوو تاقیکردنەوەکە لە ماوەی دوو هەفتەدا ئەنجامدرابێت و دوا مۆڵەت بۆ کاتگرتن بۆ دووبارە تاقیکردنەوە سێ ڕۆژ پاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی لێخوڕینە. کاتگرتن بۆ دووبارە تاقیکردنەوە تەنها کاتێک دەکرێت کە هەردوو تاقیکردنەوەی تیۆری و لێخوڕین ئەنجامدرابێت.
- لە ڕۆژی 1ی سێپتەمبەرەوە دەبێت فێربوونی مەترسی خلیسکان ئەنجامدرابێت و بەکاربێت بەر لەوەی تاقیکردنەوەی تیۆری و لێخوڕین ئەنجامدرێت.
- تاقیکردنەوەی تیۆری و لێخوڕین هاوکات لە ڕۆژی 2 ی (یونی)ەوە کاتیان بۆ وەردەگیرێت.
- تۆ بەئاسانترین شێوە بە ئینتەرنێت کاتوەردەگریت، بچۆ ناو www.korkortsportalen.se هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە بەشی خزمەتگوزاری Kundtjänst بەڕێوەبرایەتی هاتووچۆی سویدی بۆ پرسیار لەسەر مۆڵەتی شۆفێری بە ژمارە تەلەفۆنی 0771-171819. گەر تۆ لە فێرگەی ترافیک خۆت فێردەکەیت ئەوا کاتوەرگرتن لە ڕێگای فێرگەی ترافیکەوە دەکرێت.
- کاتێک یەکەم جار کات بۆ تاقیکردنەوە وەردەگریت لە هەموو پێگە - و بنکەکانی پێشوازی شارەکاندا لە نۆبەدا پێش دەخرێیت. دەتوانیت لە پێگەی شارەکە لە میانەی سێ هەفتەدا کات وەرگریت.

## بۆچی تاقیکردنەوەی شۆفێری B بەسەریەکەوە دێتە کایەوە؟

دەبێت نەخشەدانان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی تیۆری و لێخوڕین کارێکی ئاسان بێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ مۆڵەتی شۆفێری لە کاتێکی دیاریکراودا وەرگرێت. بەرنامەی کۆرسەکە جەخت لە گرنگی پێکەوەگرێدانی نزیکی تیۆری و پراکتیک دەکات و دەبێت ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر تاقیکردنەوەکە هەبێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەی دەرچوون لە یەکەم هەوڵدانی تاقیکردنەوەکاندا ڕوو لە زیادبوونکات. هەروەها دەبێت ئەمە هەلومەرجێکی باش برەخسێنێت بۆ ئەوەی شۆفێرێکی وا دروستکات کە دڵنیابێت لە ترافیک، هوشیاربێت لە مەترسی و ئاگای لە ژینگە بێت بۆ گەیشتن بە ئاواتی بەدەر لە ڕووداو.

باش خۆت ئامادەکەو بفەرموو! لەوحاڵەتەدا دەرفەتی دەرچوونت لە تاقیکردنەوەی شۆفێریدا زیاد دەبێت.

## بۆ زانیاری زیاتر

لە پۆرتاڵی مۆڵەتی شۆفێریدا زیاتر بخوێنەرەوە: www.korkortsportalen.se یان پەیوەندی بە بەشی خزمەتگوزاریەوە Kundtjänst بکە بۆ پرسیار لەسەر مۆڵەتی شۆفێری بە ژمارە تەلەفۆنی 0771-171819.

VÄGVERKET. ORDER.NO 89206. JUNE 2008. PRODUCTION: ATELJÉN.